# تێڕامانێك لەسەر ڕۆمانی سەگوەڕ

م. عەبدولقادرحەمەئەمین محەمەد / زانكۆی سلێمانی / كۆلیژی زمان

## پێشەكی:

سەرنجدانمان بۆ ڕۆمانی كوردی ئێستاو ڕابردوو و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی كوردی، كارێكی پڕگرفت و مەترسیدارە، تا بتوانین ئەو بنەمایە دیاری بكەین، یاخود بە واتایەكی تر ئەو گرفتانە دەستنیشان بكەین، كە ڕۆمانی ئێستاو ڕابردووی تێكەوتووە، خۆمان دەخەینە بەر هەڕەشەیەك لە ئێستادا، چونكە ئەگەر ڕۆمان بەرهەمی شارستانیەت بێت و بەمانا نوێكەی ڕاڤەی بكەین، پێویستە ئەو ڕۆمانە یان ئەو ڕاڤەیە هێزێكی ڕوخێنەری سەرلەبەری بنەما كۆنەكان بێت كە بەگشتی ڕۆمانی ئێستاو ڕابردووی كوردی دەكەوێتە بەردەم ئەو دیاردەیەو ڕووبەڕووی كێشە دەبێتەوە، لێكدانەوەمان بۆ ڕۆمانەكان ئەو تێڕوانینە بەدی دەكرێت كە زۆریان بوونەتە پارێزەری بنەما باوەكان و لەسەر پیرۆزی ئایدیاكان كاردەكەن و لەلایەكی تریشەوە كێشەی ئایدۆلۆژی تیا بەرجەستەبووە، واتە كاتێ ڕۆمانی كوردی ئەدەبیەت دەبەخشێتە ڕۆمان، كە تێپەڕێت بەسەر ئەدەبی بەرەنگاری و دروشمە دۆگماكانی سیاسەت و ئایدۆلۆژیەت و بەها و بنەما پیرۆزەكانی ئایدیاكان، ئەوساتە دەتوانین گوتارێكی باڵادەست و جەوهەری ڕۆمان بەدەست بهێنین، بەڵام ئەبێ ئێمە ئەوە بزانین ڕۆمانی كوردی تا ڕادەیەك ناتوانێ بەو شێوەیە دوورە پەرێز بوەستێت و لەو دنیایە دابڕێت، بەڵام پێویستیش وایە هەتا تێكەڵ بە عەقڵانیەتی سەردەم نەبێت و دەلالەتەكانی مرۆڤایەتی و گەردوونی بەرهەم نەهێنێت و دەربڕی حەقیقەت نەبێ، ئەوا هەمیشە لەبەردەم شكستەكانی یەك لەدوای یەكی ڕۆماندا دەبێت. ڕۆمانی (سەگوەڕ) ڕۆمانێكە هاوكاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی چەرخی مۆدێرنێتە، بەتایبەتی ئەو چەرخەیە گۆڕانكاریە كلتوری‌و ئابوری‌و سیاسی‌و كۆمەڵایەتیەكانی لەسەردەمی ڕێنیسانسەوە گرتۆتە ئامێزی و هەروەك لای هەموو میللەتان ئەو ڕەوتە نوێیە پەیڕەو كراوە و دەوڵەمەندی ئەدەبیەتی (ڕۆمان) یان خولقاندووە، لای كوردیش بگرە زۆر زیاتر پێویستە جۆرێك لەو تێكەڵیە جیهانییە پێك بهێنێ وخۆی دەرباز بكات لە بۆچوونە ناوچەییەكان و كەڵك لە دەسكەوتەكانی ڕۆمانی مۆدێرنەی جیهانی وەربگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە ڕۆمانەكانی محمد موكری و شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی ..... تاد..

ڕوویەکی تایبەتیان بەخشیوەتە ڕۆمانی کوردی و سوودمەندبوون لەخوێندنەوە فەلسەفیەکان و لە دەسکەوتەکانی هاوچەرخ و سوود وەرگرتن لە تەکنیك و دەسکەوتەکانی پۆست مۆدێرنێتە، ژیان و بوون و مرۆڤایەتی و فرەدەنگی بەهەژێنیٚ و بچێتە ناخ و نەستی کەسایەتیەکانەوە و جیهاتە جۆربەجۆرەکانی بەمرۆڤبوون بدوێنیٚ و لە ڕێگەی ماناو زمان و فۆرم و تەکنیکەوە خەسڵەتەکانی بپارێزێت، فرەدەنگی لە خود و نەستی دەق و نەستی ڕۆماندا کەشف بکرێت و لە ئاستێکی زمانیدا بەرجەستە بێت، واتە (زمان) لە ڕۆمانی (سەگوەڕ) دا وەك کەرەستەیەك بەرجەستە بووە بۆ گێڕانەوە بەڵام نەك (زمان) وەك کەرەستەیەکی ئامادەکراو و پێشنیارکراو ساز کرابێت، بەڵکو زمانێکە فرەدەنگی و دەربڕین و کەسایەتی و کات وشوێن و ڕووداو دەخولقێنێ، وەك وتمان (ڕۆمانی سەگوەڕ)ی ساڵی ١٩٨٢، ڕۆمانی سەردەمی گۆڕانکاریە جۆربەجۆرەکانی مۆدێرنیتەیە، لە ناخدا هەڵچوون و توڕەیەکی زۆری پیوە دیارە و هەڵگری زۆر لەو پرسیارە نهێنیانەیە، کەلەسەر بوون و ژیان و گەردوون هەلوێستە دەکات، بە هێمنانە ئەو یاسا و بەهایانەی کە مرۆڤی مۆدێرنیتە سەپاندوویەتی ڕەتیاندەکاتەوە، کۆمەڵگەی کوردیش لە بیٚئاگایی بەئاگا دێنێتەوە، کە لەناو کێشە گشتیەکاندا بۆتە مەیدانی خوێن ڕشتن و ڕۆژانە مرۆڤەکان لە هەڵوێستەیەکی بیٚ ئاکامیدان و ون ئەبن، لەلایەکی تریشەوە ڕووە تاریکەکەی سستەمی فاشیزم دەخاتە ڕوو و ڕوویەکی دڕندانەی ئەداتیٚ و عەقڵیەتی کۆنەخوازی پیشان ئەداتِ، لەناو هەموو ڕووداو و کارەساتەکانی ڕۆمانی سەگوەڕ، نووسەر کەسێکی بەئاگاو سەرکێش و بەرزە، وێنەیەکی بیٚ بەها ئەداتە ئەو سیستەمە.

خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم دەقەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕیٚ بۆ بەدیهێنانی دەلالەتەکان و جیاکردنەوەی ڕەهەندە فیکریە جیاوازەکان لە دەنگە تۆتالیتاری و باوکسالاریەکانی کۆمەڵگە، چونکە دەقی ڕۆمانی سەگوەڕ لەدایکبوونی قۆناغەکەیەتی و تیا بەرهەمهاتووە و کۆمەڵیٚ پرسیاری نهێنی قۆناغی لەدایکبوونیەتی و هێڵە سەرەکیەکانیش جولەی ڕووداوەکانی لەشێوەی ڕۆمانێکدا پێکهێناوە.

نووسەر وەك هەموو شۆڕشگێڕەکان چۆتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە، ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوەو بەپێی بۆچوونی پرۆژەکانی مۆدێرنێتە، گەڕانەوەیە بۆ مێژوو تۆماری ڕابردوو ئەکات، واتە پشت بەستنە بە بیروڕاکانی مرۆڤ و ڕاڤەی ژیان دەکات، بۆیە دەقی ڕۆمانی سەگوەڕ تاکە دەنگێکی گەڕانەوەیە بۆ سەر ڕابردوو (شیوعی کوری شیوعی تۆیش وەك باوکە شیوعییە سەگبابەکەت خایەنی و مەلیکت خۆش ناویٚ... باوکت هەر بە سمێڵە قیتەکانەوە دیار بوو، کە.....) سەگوەڕ ل٢١، ئەمە وێنەیەکە بۆ مێژوو دەگەڕێتەوە کە بریتیە لە ناوەندێتی عەقڵ و سەرچاوەی ئایدۆلۆژیا، واتە ئەو باکگراوندە سیاسیە کۆنەی هەڵگرتووە و ڕێچکەی ئامانجی کارێکی دیاریکردووە، واتە گەڕانە بە دووی جۆرێك لە ستراکچەرە بەرزەکان و بە مەبەستی بە جیهانکردن و بە گشتی کردنە، کە ئەم بۆچوونە لای نووسەر جێگای گومانە و لەیەك بۆچوونەوە سەیر ناکات و نایەویٚ هەموو بۆچوونەکان بە گشتی بکرێن و یەك جەوهەریان بدرێتیٚ.

هونەری ڕۆمان لە ڕۆژئاوادا لەسەدەی هەژدەمدا زیاتر برەوی پێدراوە و هونەرێکی تازەیە بە ڕێژەی هونەر ئەدەبیەکانی تری شیعرو شانۆ، کە سەگوەڕیش بێبەش نیە لەو هونەرە تازەیە و لە ڕووی تەکنیکەوە بالآیە، کە لە لایەن مامۆستا (محمد موکری) یەوە نووسراوە، لەم توێژینەوەیەدا لایەنی ئەدەبیتی ڕۆمان و ڕەوتی ڕەخنەیی ڕووە میتافیزیکی و ئایدۆلۆژیەکەی دیاریکراوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا چڕبۆتەوە کە دید و بۆچوون و تەکنیك و تەکنیکی گێڕانەوە و کەوس و ڕووداو و زەمەن بەدی دەکرێت، توێژینەوەکەش بەسەر دوو باسدا دابەشبووە، باسی یەکەمیان بریتیە لە ئەدەبیەتی ڕۆمان و ڕەخنەی دەق، باسی دووەمیش لە ناوەندی میتافیزیك و ڕەهەندی ئایدۆلۆژیەت.

# باسی یەکەم:

## ئەدەبیەتی ڕۆمان

## ڕەوتی ڕەخنەی دەق

### ئەدەبیەتی ڕۆمان:

بنیاتێکی چڕی بەیەکداچووی ڕووداوەکان، کە زۆر جار بێ سنوری و بێکۆتایی خوێنەر دەخاتە بەردەم دەرگای تێڕامان و گرێی ڕووداوەکان ناکرێتەوە، کە بریتیە لە (زنجیریەك ڕووداو و کرداری ڕێکخراو)[1]، کەلەسەر چەند بنیاتێکی ئاڵۆز پێکهاتووە تایبەتمەندیەکی ڕۆمانی نوێی پێ بەخشیوە و تێزی داوە بە ڕۆمانەکە و بەرەگەزێکی سەرکەوتوو دائەنرێ، هەندێ لەو بنیاتانە جۆرێك لە پێشەنگی و نوێنەرایەتی خولقاندووە و کێشەی ئایدۆلۆژی و سوسیالیزمی و ....... تاد تیادا بەرز دەبێتەوە و هۆکاری کوشتنی فرەیی و جیاوازیە و دوورکەوتنەوەیە لە دیاردە باوەکانی سەردەم و ئەوەی کە ونیشە خودی مرۆڤی کوردە و لە بەرگێکی تردا نوێنەرایەتی دەکرێت و حەقیقەت بەخشینە بەو نوێنەرایەتیە، بۆیە نووسەر پەنا دەباتە بەر وتەی (ئەم ژیانەی ئێمە موختەبەرەو ئێمەش مشکین)ل٦٠ سەگوەڕ {ژیان- بوون- ئازادی} موختەبەرە و مرۆڤ و عەقڵی مرۆڤیش بە کۆیلە بوون بووە، زۆرجار ناخی مرۆڤی کورد تێکەڵە بە واقیعێکەوە و هەوڵی بونیادنانەوەی بۆ دەدرێت و بە بۆچوونەکانی خۆیان جارێکیتر دەخرێتەوە سەرشانۆ، نووسەریش گومان لە خاڵی مەرجەعی دەکات.

(ڕۆمان) وەك جنسێکی ئەدەبی نوێ و تێگەیشتنمان بۆی، پێویستیمان بە ڕەخنەی هاوچەرخ هەیە تا بتوانین تێپەڕین بەسەر ئەو تێگەیشتنە کۆنانەدا، چونکە ڕۆمان خۆی

پەیوەندیەکی گرنگ پێکدێنێ لەگەڵ هاوچەرخدا و بەرهەمی چەرخی تازەیەو دەبێتە دیاردەیەکی نوێگەری و نوێنەری سەردەمەکەیەتی و ژانرێکی ئەدەبیە و پێویستە پشت بەو بۆچوونە مەعریفیانە ببەستین، کە تیۆری ئەدەبیمان پێ دەبەخشێت.

(ڕۆمانی سەگوەڕ) ی محەمەد موکری ڕوویەکی ئەو دۆزەخ و ڕەوشە پڕ لە کارەساتەیە، کە لەناو کلتورێکی زاڵی میتافیزیکیدایە و گێڕەوەش گیرۆدەی ئەو کلتورەیە و مژدە بەخشی شۆڕشێکە و بەدوای کەینونەدا دەگەڕێ، کە بە ونکردن چووە، ئەویش ئەو بوونە فرەیی و جیاوازییە بەرامبەر ستراتیژیەتی دەسەڵات، ئەو گەڕانەی ڕۆمان لە پانتایی فەزایەکدا بۆ بەدەستهێنانی ئەو (بوونە) یە، نەك لە ڕێگەی خوێندنەوەی واقعێکی مێژوویی، چونکە ئەوەی کە تێکستەکە دیاریدەکات، ئەو ڕووداوە واقعەی دەرەوە نیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی فۆرمالیستەکان کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستپێکردووە تا لە سییەکاندا گەیشتە ترۆپك، زیاتریش بەهۆی تێڕوانینی زمانەوە بوو کە (ئەدەبیش وەك زمان سیستەمی سەربەخۆیی هەیە، کۆمەڵێك یاسایە، کە لە زمان پێکهاتووە، هەروەها ڕێك وەك زمان یاسا دەسەڵاتدارەکانی خۆی ئەبێ، ئەدەب پێویستی بە ژێدەری دەرەکی نیە، بەڵام لەبارەی کۆمەڵایەتیەوە سنووردارە)[٢].

چاوخشاندنەوە بە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانی سەگوەڕ، ناتوانرێ بەکارەکتەری ناو واقیع دابنرێن و ڕووداوەکانیش بگێڕێتەوە سەر ڕووداوە واقعیەکانی مێژوو، ڕۆمانەکە ڕەوتێکی بەگژداچوونەوەی سەردەمەو ئەو ڕەوتە رامیاری و مێژوویی و کۆمەڵایەتیە ڕەتدەکاتەوە، کەتایبەتە بەو سەردەم و مێژووەو ئەدگارەکانی بەسەر ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیەوە دیارە، کارەکتەرەکانیش جیاوازی و جێگۆڕکێی تیا بەدی دەکرێت و ڕەگەزە باوەکانی پێشووی لەدەستداوە، کارەکتەر کەسێکی ون بووە بە پێی تیۆری ڕۆمانی نوێ، چونکە ڕووداوەکانی بە هێڵێکی گشتیەوە نەبەستراونەتەوە، ئەو سنوورەیان نیە کە لای ڕۆماننوسە کۆنەکان هەیە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕووداوەکانی سەگوەڕ، خۆی لە تۆڕێك ڕووداودا دەبینێتەوە، ئەو ڕووداوانە نین کە بەیەکەوە گرێدرابن و لەسەر هێڵێك ئاراستە کرابن، بەڵکو هەریەکەشیان خەسڵەتی تایبەتی جیاکەرەوەیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، بۆیە تێگەیشتن و تێڕامان دەکەوێتە سەرشانی خوێنەر، کە پەیوەستە بە گۆڕانکاریە رامیاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە و پەیوەستە بە جیهانی ڕۆمانەوە، ئەو جیهانەی کە مرۆڤ دەکەوێتە پرسیار و گومانکردن، بۆیە ڕووداوەکانی ڕۆمان، ڕووداوەکانی مێژوو نین کە دەقەکەیان پێکهێناوە و لەژێر هێڵێکی گشتیدا کارناکەن، کە خەسڵەتی ڕۆمانی نوێیە و ڕەتکردنەوەی خەسڵەتەکانی پێش خۆیەتی، واتە ڕووداوەکان هاوسەنگ و تەبا نین، چونکە دەکەونە ژێر کاریگەری زەمەنی گێڕەوە، نەك زەمەنی واقع، چنینی ڕووداوەکانیش ئەکەونە (دەرەوەی دیدی زەمەن)[٣]، کە زەمەنی گێڕەوە ئاماژەیە بۆ ڕابردوو بە زەمەنی ئێستا ئەدوێ و وشەی (ئێستا) ش زۆرینەی جیهانی دەقی داپۆشیوە بۆ ڕووداوەکان.

بۆیە سیستەمی گێڕانەوەکە، لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو مێژوودا یەکگیر نابنەوە، لەبەر ئەوە زەمەنی ڕووداوە و پەیوەستە بە شوێنی ڕووداوەوە، (اوست وارین) کاتێك (واژەی "جیهان" بەکاردێنیٚ، بەکارهێنانێکی شوێنییە، ئەندێشەی چیرۆکەکانیش یان باشتر وایە بڵێین چیرۆك ڕامان دەکێشێت بۆ زەمەن، کە ڕووداوەکانی زەمەنیشی بەدوادا دێت)[٤].

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە ئەدەب بە گشتی (هونەرێکی زەمەنییە و جیاوازە لە ڕەسم و هەڵکۆڵین کە هەردووکیان هونەرێکی "شوێن" ین)[٥]، لەبەر ئەوە گرنگی زەمەنی ڕۆمان لەوەدایە، کە ناتوانریٚ زەمەنی جیابکرێتەوە، لە شوێن چونکە وشەی جیهان تەنها شوێنی نیە بەڵکو شوێنکاتیە کەواتە لە زۆرینەی ڕۆمانە گەورەکاندا کەسانێك لەدایك ئەبن و ئەمرن یان گەشە ئەکەن و ئەگۆڕێن زۆر لە کۆمەڵگاکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، وەك لە ڕۆمانی (شەڕو ئاشتی) تۆڵستۆی و زۆری تریش، واتە مەودای زەمەن هەمیشە بەهەند وەردەگیریٚ لە ڕۆماندا لەئاست ڕووداوەکانیدا.

هەروەها هونەری شاراوەیش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیەو ئەدەبیتی تەواوی پیٚئەدات و لە زمانی سادەی خەڵکی جیا ئەکاتەوە و پەیڕەوی هونەری نواندن دەکات و گێڕانەوەکان گیرۆدەی حاڵەتی بەهێما بون ئەبن، واتە لە کردەی نووسیندا پێویستە لایەنە نهێنیەکانی بخەینە ڕوو و برگەو ماناکان یەکالاً بکەینەوە، هەر لەبەر ئەم جۆرە نامۆیشە تێڕوانین بۆ ڕوانگەکان تا ڕادەیەکی زۆر نامۆو دژوارن و لە ڕۆمانە ڕیالیستەکانی جیا کردۆتەوە و بەشێکی تەوساوی "irony" گرتۆتە خۆ (ئافەرین بۆ ئێوە، پیاوەتیتان....) ل٤٦ سەگوەڕ، یاخود خواروو ژوورو چەپ و ڕاستی ژوورەکە "سەگوەڕە" دووبارە کردنەوەشی لەزۆر پێگەی ڕۆمانەکەدا دڵنیایی بوونە لە بیٚئازادی و دەسەلاّتگرتنە بەسەر زۆرینەی بیروراکانی ژیاندا و پێناسەیەکی تەواوی ڕەوشتی سەگوەڕ لە چوار پارچەی کوردستاندا بوونی هەیە و بۆتە گۆڕەپانی ویستەکانی مودێرنێتە. کە نووسەر جەختی لەسەر جیاوازی پێناسەی جیاوازە نەك وەك پێداگرتنی خودێکی مۆدێرنێتە تا هەق بەخۆی بدات، بۆیەش وەك ویستێك داوای ئەوە دەکات کە (چێژی ڕاستەقینە و تێربوون لە مردن دایە) ل٦٠ سەگوەڕ، ئەمە ڕاکردن نیە لە دەست مردن بەڵکو چێژی ژیانە، بە مانایەکی تر ئەو ئازادیەی لەسەر دنیای واقیع بەدی نایەت بەڵکو لە جیهانێکی تردا دێتە دی، بۆیە ئەم ئاراستەی irony حاڵەتێکی ئاڵۆز دروست دەکات لە ڕۆمانەکەدا، یان زۆر جار (نووسەر چیرۆکەکەی لە دوا ڕستەدا وندەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر نەتوانیٚ بە گونجاندنی ڕێنیشاندەرە سەرلێتێکدەرەکانی لە گوتەی (ئەدەبیات) یان (ئەدەبیاتی چیرۆك) دا خەیاڵی خۆی ئاسوودە بکات)[٦]، کە نووسەر لە کۆتایی ڕۆمانەکەیدا دەگەڕێتەوە سەر (ژوورێکی چکۆلەی تاریکی پڕ لە سەگوەر )سەگوەڕ ل٦٦، کە تایبەتمەندیەکی بەرهەمە پۆست مۆدێرنەکانە.

ئەبینی کە (زانیت، بۆت دەرکەوت، ئێستا، ئەمڕۆ، میللەتەکەت لەیەك کاتدا بریندارەو لەخۆ چووە..... هەموو لەشی خوێن دادەچۆڕێنیٚ ..... ئەنجام........ ئەوەیە وا خۆت دەبینی کە ئێستا

له کوێدایت) سەگوەڕ ل٦٤، (گرنگ ئەوەیە ئێستا ناترسیت) سەگوەڕ ل١١)، ناکرێت ڕووداوەکانی هاوکێشە بکەین لەگەڵ ڕووداوەکانی واقعدا، بەمجۆرە ئاستەکان دەگۆڕێت و ڕووبەڕوی ئەندێشە ئەبێتەوە یان ڕووبەڕووی ڕوداوی کتوپڕ ئەبێتەوە وەك دڵشاد، خۆسوتاندنی نەسرین، خۆکوشتنی شیرین، ئەمانە بەگشتی وامان لێدەکات، کە ئاشنای کارەکتەرەکانیش نەبین، چونکە گێڕەوە ئەو ئامادە بوونەی تیانیە کە زانیاری تەواومان لەسەر کارەکتەرەکان بداتێ، بەهیچ شێوەیەکیش جۆرە چەقێکی تایبەت نابینی، چونکە جۆرە شێوازێك بەدی دەکرێت، کە شێوازی ڕۆمانی نوێیە، بوونی چەندین کەسایەتی لە زەمەنێکدا، کە هاوکاتی یەکترین و لەچەند شوێنێکی جیاوازدان، بەم پێیە (لە ڕۆمانی نوێدا ئەو تەرتیبە عەقڵی و ئەدەبیە ڕەتدەکرێتەوە و مانای ئەوەش نیە کە ڕێکخستن شکستی هێناوە و پشێوی تیایە، بەڵکو ڕۆمانی نوێ ناگەڕێتەوە سەر گێڕانەوە تەقلیدیەکە)[7]، واتە ( ڕاستیەکان لە هیچ گێڕانەوەیەکدا وەك خۆیان نادوێن، بەڵکو ڕۆمان قسە لەسەر کۆکراوەی بەشە جیاجیاکان دەکات لە ڕابردوودا و لە شێوەی کیانێکی مەنتقی تەواودا )[8].

لە ڕووی "زمان"یشەوە پێویستە ئاماژە بە زمانی گێڕەوە بدەین، کە جۆرێك لە نامۆیی بەخشیوە بەزمانی ئەکتەرەکان، بەدیدو زمانێکی تایبەتەوە دەڕوانێتە بونیادی تێکست و تێگەیشتن لە ئەنجامی واقیعەوە نیە، چونکە زانیاریەکان بە چەمك و فکرو فەلسەفەدا تێدەپەڕن، لەڕێگای بە ئەدەبیی بوونی ڕۆمانەوە هەموو ئەو فۆرمە باوانە تێکدەشکێنێ و بەرەو کراوەیی زمان دەڕوات و وشەکان کێڵگەی واتایین و دەگاتە نهێنییەکانی ناو دەق، کە دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لە تایبەتمەندی زمانی نووسەر لە ڕووی کەس و ڕووداوەکانەوە، چونکە بنیاتنانی وێنەی کەسەکان و ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی جوگرافیای دەق، واتە ئەو جیهانەی کە کەسەکانی هەڵبژاردووە و پێویستی بە چ جۆرە زمانێك هەیە تا بتوانێ قسەکانی ئەو ئاستە ڕوناکبیریە بەرجەستە بکات و هەڵگری وەڵامدانەوەی کات و شوێن بێت ئەوەی ئێمەش دەمانەوێت ئەوەیە کە نووسەر خۆی لە جیهانێکی ڕوناکبیریەوە هاتووە، چونکە (شوێن ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە هەڵبژاردنی نووسەردا)[9]، بۆیە ئەو (جیهانە جوگرافیە بەشێکی دابڕاو نیە لە دەلالەتی شارستانی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو ڕوونکردنەوەی هەڵسوکەوتی کەسەکانەو پەیوەندیان بە زەمەنێکی دیاریکراوەویە)[10].

## ڕەوتی ڕەخنەی دەق

کاتێ دێینە سەر خوێندنەوەی جیاواز و دەنگە لێکدژەکانی دەقی ڕۆمانی سەگوەڕ، پێویستە خوێنەر لەوە بەئاگا بێت، کە بەچاوێکی ڕەخنەگرانە و بنیاتێکی قوڵەوە لێی بکۆڵێتەوە، چونکە جیهانێکە هەڵگری دەلالەت بەخشە و تێکستێکی فرە ڕەهەندو فرە بیرە تێکەڵاوی ژیانی سەردەمەو لە جەوهەریشدا بەدەر نیە لە ڕەوتە جیهانیەکان، کە دژایەتی و تەبایی و پەیوەندیان پێکهێناوە و سەرکەوتنی ڕۆمانەکەیان دابینکردووە، ئەوەی دەکەوێتە سەر خوێنەر ئاشکراکردنی ئەو شتانەیە، کە دەق ئاماژەی پێنەکردوون، چونکە خودی دەق هەناردەیەکی گەردوونیە و

مەعریفەیەکی بێ کۆتاییە، بەرەو دۆخی مرۆڤایەتی و ژیان و بوون و سەرووی تاکڕەوی دەسەڵات ڕێنمایی دەکات، لە زۆرینەی شوێنەکانی ڕۆماندا، چەمکە تێگەیشتنەکان بەرهەمدێنێت و بیرۆکەی گەردوونێکی گەورەیەو پڕە لە بوونەوەر و بۆتە سەرچاوەی ڕووداوی دڵتەزێنی چەرخی مۆدێرنێتە، کە خودی ڕۆمانیش وەك هێمایەك دەلالەت بەخشە و لە واقعێکی مێژوویییەوە سەرچاوەی گرتووە و بنچینەکەشی بنیاتنانی جیهانێکە ئاوێزانی مرۆڤایەتیە هەر ئەوەشە، کە ئیکۆ بڕوای وایە، کە (ڕۆمان مەعریفەیە بەڵام مەعریفەیەکە بەشێوەی هیچ و پوچ لەسەر زمانی کەسەکان دانانرێ ڕۆمان دیدێکە تایبەتە بە چنینی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان و شتەکان و تایبەتە بە داڕشتنی بارودۆخەکان و جۆری وێناکردنیان، بەدەستەواژەیەکی تر بەرجەستەکردنێکی فەزایی و زمانیی مانایە)[11].

"ڕۆمان" بەراڤەو شیکردنەوەی ڕووداوێك نابەسترێتەوە، بەڵکو ئاماژە بۆ زۆر شتی پشت ڕووداوەکان دەکات، واتاو ماناکان لەئەنجامی ململانێکانەوە سەریان هەڵداوە، ململانێی نێوان ڕەنگە کوردیەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست، حاڵەتێکی وروژێنەری خولقاندووە لە دەلالەتی هێماکانیدا شێوەیەك لەرەنگدانەوەی زیادە ڕۆیی دەسەڵات دەگاتە ئاستی مەترسی لەناو سیستەمەکەدا، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی "دیالۆگ" چونکە لە دەقی ڕۆمانەکەدا هەروەك لەسەر ئاستی واقیع، مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکەوێتە حاڵەتی بزربوون و ئامادە بوونەوە.

وشەی "سەگوەڕ" لە ڕووی زمانیەوە دەلالەتەکانی لەبەردەم چەند پرسیارێکدا ڕاتدەگرێ بۆیە گێڕەوە دەڵێت •ئەم وشەیە پەیوەندیەکی بەتینی لەگەڵ باوەڕو ڕوحتدا پەیداکردووە، بۆ نە ء ئەوە نیە گەلێ جار، بە منگەمنگ ئاوازت بۆ داناوە و تەنیایی خۆتی پێ دەلاوێنیتەوە و جارجاریش دەیبەستیتەوە بە وشەی (شەو، ڕێ، ون، بوون) لەیەك دوو دێڕی بێسەرو بێ مانادا جێت بۆ کردۆتەوە، وشەی سەگوەڕ سەر زمانی دەکردە هێلانە) سەگوەڕ ل١٤، نووسەر لە جیهان دادەبڕێ و لە بێئاگاییەوە پەیوەندی لەگەڵ وشەی سەگوەڕدا دەبەستێت، ئامانجەکانی دنیای واقیع بەرجەستە نابێت، لە دنیایەکی ترەوە دەچێتە دنیای ڕەهاو ڕاستیەکانەوە چونکە بۆی دەرکەوتووە کە ڕاستی لەسەدەی بیستەم و سەدەی مۆدێرنێتەدا تەنها شتێکی بێبنەما و زیاتر هیچیتر نیە، چونکە وشەکانی (شەو، ڕێ، ون، بوون) واتە تێگەیشتن لەم چەمکانە، بۆچوونەکەی (سۆسیر) مان دێتەوە یاد لەسەر نیشانەکان ئەوەیە، کە (پەیوەندی نیشانەکان پەیوەندیەکە لە خۆوەیە)[12]، بەو واتایەی کە پەیوەندیەکی لۆژیکی لە نێوان ماناو چەمکدا نیە، بەم شێوەیە دەربڕینی وشەکان ڕەمەکیە و (ڕاستی)یش بێجەوهەرە، چونکە ئەو ڕاستسەی ڕۆمانی سەگوەڕ لەسەر داڕێژراوە، پێگەیەکی گرنگی پرۆژەی مۆدێرنێتەیە. یان ئەوەتا جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ واقیع و دەق بەوە دەگەیەنێت کە (هەردوو بەرەکە ناڕاست و ڕاستن- ئێوەش هەڵبژێرن کەیفی خۆتانە) سەگوەڕ ل٥٣، بەو مانایە دێت، کە هەڵبژاردن دژی هەڵبژاردنی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتە، چونکە دەبێتە هۆی

تێکشکانی سیستەم و جەستە و ئارەزووەکانیان و گوتارە سەلەفیەکان، بە واتایەکی تر نووسەر ئایدۆلۆژیاو پراکتیکی سەرکوتکەرانە رەتدەکاتەوە و سرینەوەی یەك ماناو بیرکردنەوە و دەسەڵاتە.

نووسەر رووداو و کەسایەتیەکانی بەستۆتەوە بە کاتە مێژوویەکانەوە، چونکە رووداوەکانی جیهان و گۆڕەپانی کوردستان دوورو نزیك، رابردوو یان داهاتوو، وەك ئەڵقەیەکی پەیوەندی ئامێز بەپێی زەمەنەکان بوونەتە پێکهاتەی بنەماکەی و وەك تەکنیك پەیڕەوی کردووە و جۆرە جوڵەیەکی تایبەت بەداهاتووی تێدایە، هونەری رۆمان (شێوازێکە بۆ گواستنەوەی بەهرەی نووسەر بۆ خوێنەر و رۆشنکردنەوەی پەیوەندی کاری ئەدەبی نێوان جیهانی ئەندێشەیی و جیهانی راستەقینە)[١٣]، بۆیە پێویستە خوێنەر دەرك بەلایەنە شاراوەکانی بکات و ئاشکرایان بکات، لەبەر ئەوە خوێنەر لەبەردەم پرسیارەکانی گێڕەوەدایە (بوارێکی ئێجگار فراوانی لەبەردەمدایە و بەبێ پەیوەست بوون بەکات و شوێنی دیاریکراو، گێڕەوە زانیاریەکان بە خوێنەر دەگەیەنێت و بەئاگاشی دەهێنێتەوە)[١٤]، بۆیە رۆمانی سەگوەڕ بەهۆی جیهانبینی نووسەرەوە بەسەر کات و شوێندا تێدەپەڕێ و سەربەستیەکی رەهای هەیە لە ئامادەکردنی کەس و رووداوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بیرەکان و کارەکتەرەکان لە نێوان دوو کەسدا نەماوەتەوە بەڵکو گشتگیرەو دیالۆکەکانیش کێشەو گرفتی نوێ بەهەمدێنن، (بەڵام وەك دەزانن سەنگەری راستەقینەی ئامانجی ئێمە (یەکیەتیە) من خۆم بەهیچ بەرەیەك نابەستمەوە) ل٥٣ سەگوەڕ، راستە نووسەر ئامانجی راستەقینەی (یەکیەتیە) و خۆشی بەهیچ بەرەیەك نابەستێتەوە، ئەو یەکیەتیەی ئەو لێی دەدوێت لە ئەنجامی فرییەوە هاتووە و لەژێر سەقفێکی نوێی ئەوانیتردا و لە ئەنجامی دیالۆکەوە هاتووە.

رەگەزەکانی رابردوو بوونەتە بنەمای رۆمان و وەك تەکنیك پەیرەوی کردوون و جوڵەی ژیانی داهاتوویان تێدایە (شیوعی کوری شیوعی .... تۆیش وەك باوکە سەگبابەکەت خایەنی و مەلیکت خۆش ناوێ) ل٢١ سەگوەڕ، کە دوو تێڕوانینی تیا بەدی دەکرێت، یەکەم کەسێکی ئەکتڤی مارکسی بۆ ئەو سەردەمە کە جێگای برابوون و نوێنەری چینەکەیەتی و پێچەوانەی پاڵەوانی بورژوازیەتە، کە خاوەنی بەرژەوەندی و بێ باوەڕیە، دووەمیش پاڵەوانی ناسیونالیزمی کوردیە و لەناو رەنگە کوردیەکاندا بە پیرۆزی ناویان دێت و لە فەزایەکی شۆڕشگێری کوردیی ناسیونالیستیدا ناسراون. واتە رووداو و کارەساتەکانی رۆمانی سەگوەڕ رووداوی تاك نین و هەمەلایەنە و گشتگیرن پەیوەستە بە کۆمەڵگاو تراژیدیایەکی گەورەی لەسەر بنیاتنراوە، کێشەکان کێشەی میللەتێکی گەورەیە لەسەدەی بیستەمدا، گومانی گەورە دەخاتە سەر کۆی سیستەمەکان، زیاتریش مەبەستی ریسواکردنی ئەو رووداوانەیە کە لە دنیای مۆدێرنێتەدا روویانداوە، لە رووی سایکۆلۆژیەوە وێنەی شۆڕبوونەوەی ژیانی سیاسی کە لە رێگەی کەسایەتیەکانەوە بەهۆی شێوازێکی خودیەوە وێنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیان دیاریکردووە، زۆر جاریش لەحاڵەتی بێئاگاییەوە دەچێتە جیهانی گیانلەبەرەوە و هەڵسوکەوتی ئاژەڵ هەڵدەبژێرێ، کە ئاماژەیەکە بۆ حاڵەتێکی پرۆسەی بە ئاژەڵبوون، کە لەو پرۆسەیەدا روخساری دڕندە پیشان ئەدات بۆ

ڕەتکردنەوەی ئەو بارودۆخەی کە تیایەتی (خۆتت خستە سەر چوار پەل بە نێو ژوورەکەتا قەڵەم بازت دەهاویشت، ئەوسەرو ئەوسەرت دەکرد و دەوەڕیت) ل١٤ سەگوەڕ.

ڕۆمانی سەگوەڕ، ناوەندێکی بێ سنووری هەیە، ناتوانرێ بگەڕێیتەوە بۆ پێگەیەکی دیاریکراو یان ئامانجی سەرەکی دەق، چەندایەتی لە پێکهاتەکەیدا دەبینرێ واتە هەموو هێڵە گشتیەکانی ڕۆمانی سەگوەڕ لەناو هێڵە تایبەتیەکاندا ون بوون هەستیان پێناکرێت، ئەم تایبەتمەندیە وا لە خوێنەر دەکات کە ناتوانێ بەدوای ناوەندێکدا بگەڕێیت، تا ئامانجێکی سەنتەر بەدی بکەیت، چونکە خودی دەق بەدوای واتای نەوتراو و نەزانراودا دەگەڕێت، ئەو واتایانەی کە لە سیستەمی دەرەوەی دەق یان واقیع پەراوێز کراون، ئەگەر لەم چەند ڕستەیە ورد بینەوە، دەنگەکان بەمجۆرە دێنە قسە {وشەکانی سەرکێلی قەبرەکەی دڵشاد و دایکی مێشکی ئاخنیوە ....... چاوەڕێ کردنی دایکت گێژی کردووی، ...... سەیری ئەڵقەی زنجیرەکانی دەست و پێت دەکەیت، ئەوە خۆ جارێکی دی وشەی (سەگوەڕت) نووسی.....؟) سەگوەڕ ل٤٩، کۆی گشتی پرسیارە فەلسەفی و فیکری و سایکۆلۆژیەکان، هەروا بەهەڵپەسێردراوی بەجێ دەهێڵێت و ئەیخاتە سەر خوێنەر، بۆیە ئەم تایبەتمەندیە بەشێکە لە تایبەتمەندیەکانی ڕۆمانەکانی {ئالان روب غریە، کلود سیمۆن} جەختیان لەسەر بابەتە نەوتراو و نەزانراوەکان کردۆتەوەو گەڕان بووە بەدوای پەراوێز کراوەکاندا، ئەمە وا لە خوێنەر دەکات کە کەمتر بگاتە ناوەندو تا کۆتاییش بەدی ناکرێت، بۆیە زۆر جار (ڕۆمانی نوێ لە جەوهەردا ئەرکی شیعریی دەبینێ و (هێمایی و فرە واتاییە)[١٥]، واتە پێکهاتنی هەردوو جیهانی ئەندێشەیی و جیهانی ڕاستەقینەی بابەتی دەگەڕێتەوە بۆ بەهرەی نووسەر، نەك بۆ بابەتێکی مێژوویی یان وەك دەلالەتێکی هەستپێکراو، کە ئەدەبیەت دەبەخشێتە ڕۆمانەکە. خوێنەر پێویستی بە تێرامان و لێوردبوونەوە هەیە و ڕووداوەکانی ڕووداوی ئاسایی نیە و جۆرێك لە بەردەوامیەتی پێوە دیار بێت، بۆ نموونە ڕووداوەکانی وەك خۆسوتاندنی نەسرین و کوژرانی دڵشاد و دایکی یان بەمەرگ گەیشتنی شیرین، کە لەسەر ئاستی ئامادە بوونی دەق پێکدێن، بەمجۆرە ئاستی ناوەوەی دەق پڕە لە گومان و دوو دڵی کە زۆریان لە کاتێکی تایبەتدا بەدەر دەکەون. دوا بەدوای ئەم ڕووداوانە نووسەر بەهایەکی موتڵەقی بەخشیوەتە شوێن و بەرامبەریش ژیان لە سەدەی بیستەمدا، بۆیە شوێن وەك چەمکێکی فەلسەفی دەبینرێ کە دوو مرۆڤی سەدەی بیستەم لەسەدەیەکی ئازادیدا لە ئارامگایەکدا بەختەوەرن بە یەکتری و دەبێتە ئارامگای پیرۆزی نیشتمان، چونکە سەدەی مۆدێرنێتەیە و تامەزرۆی بەختیاری و ئازادیە، هەروەك (ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمر لە کتێبی دیالێکتیکی ڕۆشنگەریدا جەختیان لەسەر ئەو خاڵە گرنگە کرد کە مۆدێرنێتی کارێکی کرد، عەقڵ بەئاراستەی دژایەتی خۆی کار بکات، لە جیاتی ئازادی، ڕێژەی کۆنترۆڵ و سەرکوتکردن زیاد بوون)[١٦]، واتە مۆدێرنێتە چەند دامودەزگایەکی سەرکوتکەرانەی بەرهەمهێنا، بەم شێوەیە ئازادی بوو بە خەیاڵی تاکە کەسێك و هیچی تر، بۆیە نووسەر لەدەقی ڕۆمانی سەگوەڕدا بە دڵنیایەوە باسی سەدەی بیستەم ئەکا، کە (خۆڵەمێشی جەستەی کورو دایك تێکەڵ یەکتر بوون، ئارامگای بەختەوەرترین دوو مرۆڤی سەدەی بیستەم) ل٤٩ سەگوەڕ، لەلایەکی

تریشەوە شوێنکات لەسەر ئاستی ئامادە بوونی دەق ئەو دەلالەتەی هەڵگرتووە و گەڕانەوەیە بۆ عەقڵیەتی کۆنی سەردەمەکانی رابردوو، کە ئێستاش بەرەنگاری دەبینەوە، چونکە شوێن وەك "ئارامگا" لای نەستی کۆی کورد بە هێمایەکی پیرۆز لە قەڵەم ئەدرێ.

# باسی دووەم:

# ناوەندی میتافیزیك

# ڕەهەندی ئایدۆلۆژیەت

## ناوەندی میتافیزیکی

(کانت) وای دەبینێ، کە (میتافیزیك زانستێکی تیۆریە و سەربەخۆیە لە هەموو ئەزموونگەریەك)[17]، شێوەیەك لە شێوەکانی چڕ بوونەوەی چەمك و بۆچوونە فیکریەکانە، کە لە ڕێگەی لۆژیکەوە بەرەو جۆرێك لە مەعریفە دەچێت و گونجاندنێك لە نێوان دیاردەکاندا پێکدێنێ، مەعریفەیەکی عەقڵیەوە و (شتێکی بان کات و بان مێژووییە، کە مرۆڤ وەك بەشێکی نەگۆڕو پیرۆزو کاریگەر چاوی لێ ئەکات)[18]، لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە ئاراستە و پراکتیزە کراوە و چەمك و مەدلولەکانی نەگۆڕو باوەڕ پێکراون بەڵام بەدەرکەوتنی بیرمەندە ئینگلیزی و فەرەنسیەکان بە تایبەتی فرانس بیگن و دیکارت، پێکهاتە ئاڵوگۆڕیە فیکریەکانی جیهانی رۆشنگەری و تەفسیرکردنی ریفۆرمە ئایینیەکان لەسەرەتای ڕێنیسانسەوە و بە تایبەتیش "مارتن لوسەر" کە وەك ریفۆریستێکی ئایینی بوونە هۆکارو گەشەسەندنی رۆشنگەری و خۆ ڕزگارکردن لە بابەتە رەها و شکل و فۆرمە ئامادە کراوەکان، ئەم ئاسەوارە ئێستاش لای کوردو میللەتانی رۆژهەڵات پەیڕەوی بۆچوونە میتافیزیکیەکان دەکرێ و زۆرینەی دەق و شاعیرانی کورد هەڵگری ئەو بنیاتەن و ڕوویەکی کارایان وەرگرتووە لە جێبەجێکردندا، هەروەك وتمان دەقی کوردیش کەم تا زۆر لە پەنای ئەم بۆچوونە کوشندەیەدا ئەژێو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تێکەڵاوی بووە و کردوویەتی بە چاوگەیەك و هەمیشە دەگەڕێتەوە سەری، هەروەك لە رۆمانی "سەگوەڕ" یشدا وەك چەمك و زاراوە و فۆرم بە تایبەتی لەناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاییندا لەسەر ئاستی دەق خۆی دەنوێنێ و لەسەر زاری کارەکتەرو لەئاست رووداوەکاندا ئامادە بوونی هەیە و لە شێوەی فۆرمی پێشنیارکراودا کۆنترۆڵی بەشێك لە ئاستەکانی کردووە لەژێر چەمکی (کوڕم، شەرەف، تفەنگ، پیاوەتی) رۆمانی سەگوەڕ ل٢٠،٥٣، بەڵام هەروەك رۆمان بەرهەمی شارستانیەتە و لەئاست رووداوە گرنگەکانی سەردەمدا چۆك دانادوا بەرهەمی فەزایەکە جیهانی نەوتراوەکان ئامادەبوونی هەیە، هەوڵەکانیش تەنها بۆ کەشفکردنی ئەو جیهانەیە، واتە فەزای ناوەوەی دەق،

بەتایبەتی کەشفکردنی بابەتە گەردوونی و مرۆڤایەتی و فەلسەفیەکانە، بەم شێوەیە رۆمانی سەگوەڕ و ئەو مرۆڤانەی کە لەو سیستەمەدا کار دەکەن ئەو مرۆڤە شۆڕشگێرانەن، کە لەسەر بنیاتی پەیوەندیە کۆمەلایەتیە پێشوەختەکان ئامادە کراوون و ئەوەندەش بە مرۆڤبوون یان بە واتایەکی‌تر بەشۆڕشگێرکراون. چوونە ناو چەمکە میتافیزیکیەکانەوە و بوونە ئەو بوونەوەرە کە ئەرك و فرمانی میتافیزیکیان هەلگرتووە و وێنای پیرۆزییان پیێ دەبەخشرێت، لەئاست کۆمەلدا رووخساری دزێویان رەتدەکرێتەوە و بوونە ئەو چەمکەی وەك (سکرابی سیاسی، دامودەزگا کۆنەکان، روخساری گەوج، ئاغایەتی) رۆمانی سەگوەڕ ل٥٥-٦٣، بەشەکەی تریشی ئەو مرۆڤانەن لەناو سیستەمی سەگوەردا کە بەتەواوەتی لە حالەتێکی نا بەرابەریدان و لەناو سیستەمێکی تۆتالیتاریدا لەئاست سروشتی مرۆڤایەتی هاتوونە خوارەوە و ژیانیان پیێ نابەخشرێت لە هەموو تێزێك بیێ بەشکراون، بەلکو بە پێچەوانەوە گەڕانە بەدوای مێژووی گونجاو و تەباو گەڕان بە دوای ستراکچەرێکی قولێ و سەربەخۆدا، هەر لەو سیستەمەدا مێژووی ژنان هیچ ڕۆلێ و ئەرکێکی پیێ نەسپێراوە و زیاتریش لەو مرۆڤانەیە کە تووشی شکست و داروخان بووە بۆیە "شیرین" ئەیەوێت ببێت بە پێشمەرگە و وەك جنسی بەرامبەر بەلام بەترسێکی میتافیزیکیەوە وەلامی ئەدرێتەوە (نەکەی هەزار قسەو قسەلۆکت بۆ هەلدەبەستن، یاخود من دلنیام لە تۆ...... بەلام خەلکەکە) رۆمانی سەگوەڕ ل٦١، واتە هەموو ئەو چەمکە میتافیزیکیانە بوونە خاوەنی هێزێکی توتالیتاری و هەموشیان واتە هەموو ئەو چەمکانە بە کۆمەلایەتی کراون بوونە تایبەت، کە لە ژیان و ئایین و ئایدۆلۆژیەتەوە سەرچاوەیان گرتووە و بە ناوی بەها پیرۆزەکانەوە نوێنەرایەتی دەکەن و دێنە قسە، ئەوەتا نووسەر دەیەوێت مرۆڤەکان لەو دەستەمۆییە بهێنێتەدەر کۆنترۆلی ئەو تاکرەهەندیە بکات و جیاوازیەکان دەربخرێن. ناکرێ هەموو وەکویەك بخرێنە یەك خانەوە (لەسەدەی بیستەمدا هەرکەسیێ ئاسوودەیی بوێت، ئەوا بەهەلە لەو سەدەیەدا لە دایك بووە) سەگوەڕ ل٤٠، پێویستی بەو فۆرمی ژیانەیە کە مرۆڤ دەیخوازێت و حەقیقەتی بۆ ئەوانی تر ئەوێت دژی عەقلی رەهایەو بە گەردوونیکردنی بەهاکانەو راڤەی شتەکان دەکات، بۆیە خۆی بەو خودە دەزانیێ کە بوونی هەیە لەئاست بەرامبەریدا (ئەم ژیانەی ئێمە موختەبەرەو ئێمەش مشکین) سەگوەڕ ل٦٠، واتە هاوکێشەی {خود- بوون} جەوهەرێکی دەسەلاتخوازانەی مۆدێرنێتەیە، یان مرۆڤبوون بە خود و باوەڕیان بە جیاوازی نیەو پیێ لەسەر ناسنامەو راستیەکانی خۆیان دادەگرن.

بەم شێوەیە دەبینین نووسەر بەچەند وشەو رستە و فریزێك ناوەرۆکێکی فەلسەفیمان ئاراستە دەکات، تووشی رامان و تێفکرین دەبین، خوێنەر بێجگە لە رۆمان و دەقێکی ئەدەبی، بەبەشێك لە فکرو فەلسەفەدا تێدەپەرێت، ئەم شێوازە دەگەرێتەوە بۆ زۆرینەی رۆمانەکانی سەدەی رابردوو، زیاتریش هەولی تێکشکاندنی بونیادە تەقلیدیەکانیان داوەو بنیاتێکی مانایی بیێ سنووریان بەخشیوەتە دەقەکان، لێرەوە ئەرکی خوێنەر دەستپێدەکات و دەورێکی بنەرەتی ئەکەوێتە سەر لە خوێندنەوەی دەقدا، راستەوخۆ بەشداری لە داهێنانی دەقدا دەکات، سەرلەنویێ جۆرێکە لە هەلوەشاندنەوەی دەق (کە ستراتیژێکی فەلسەفی بەهێزە بۆ دۆزینەوەی دەق و

بابەتەکان، هەوڵێکیشە بۆ شکاندنی مەنتقی دوالیزمەکانی میتافیزیک)[19] و بەخشینی واتا بۆ سەر شانۆ.

رۆمان ئەو ژانرە ئەدەبییەیە کە رووداوەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات و پەیوەستە بە هەست و نەستی مرۆڤەوە، بنیاتی وشەکانیش دەبنە فەزایەك بۆ ماناو ناوەڕۆکی تێکست کە رووداو و بەسەرهاتەکانی تیا چڕ دەبێتەوە و دەق پێکدێنێ و سەرەتایەك دروست دەکات بۆ خوێندنەوە و چوونە ژوورەوەی فەزای دەق، بەم پێیە ناونیشانی "سەگوەڕ" پەیوەندیەکی دیالێکتیکی پێکهێناوە و (پەیوەستە بەو چوارچێوە رۆشنبیرییەی کە دەگەڕێتەوە بۆی)[20]، واتە تەفسیری وشەکە پەیوەندیەکی دیالێکتیکیەو بوارو ئاسۆیەکی فراوان و ئەزمونێکی گەورەی لەبەردەم خوێنەردا کردۆتەوە، سەرنجیشمان رادەکێشێ بۆ چەندین ئەزموون لە ئەزموونە تراژیدیەکانی زەمەنی واقیع لە خودی کۆمەڵی کوردیدا.

## رەهەندی ئایدۆلۆژیەت

هەروەك "ئالتوسیر" ئامارەی پێدەکات، کە ئایدۆلۆژیەت هەر ئەوە نیە، کە کۆمەڵێك بیروباوەڕ بێت بەڵکو (هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ فێربونی زمان، ئایدۆلۆژیاش رەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێت و خۆی دەگونجێنێت و هەژموونی زیاد دەکات)[21]، بۆیە زمانی رۆمانی سەگوەڕ لەبەر رۆشنایی زمانی کەسایەتی ئەواندا بە فکر و رێبازی تاکرەهەندی ئایدۆلۆژیەت ئاشنا بووە، رۆمانی سەگوەڕ بەرهەمهێنەری کۆمەڵگای تاکرەهەندی ئایدۆلۆژیەتە و دەربڕو گوزارشت لەو تاکرەهەندو باوکسالاریە دەکات و پێگەیەکی باڵای باوکسالاری لە خۆ گرتووە، بەواتایەکی تر زۆر لەو ئاخاوتنانە نەهاتونەتە قسە و پێویستی بە خوێنەری بەئاگا هەیە، کە بتوانێ بیان هەژێنێ و جوڵەیان پێبکات، (ژوورێکی چکۆڵەی تاریکی پڕ لە سەگوەڕ!) سەگوەڕ ل٦٦، پەردە لەسەر هەموو ئەو هێزو توانا تاکرەهەندە ئایدۆلۆژیەتە رادەماڵێ و دەربڕی نەبیستراوەکانە، چونکە (ئایدۆلۆژیەت بەشێکە لەزمان لەبەر ئەوە خودی هوشیاری دەگۆڕێت بۆ حاڵەتێکی ژیاری و لە نیشانەکاندا بەرجەستە ئەبێ ..... ئەویش زمانە، کە رژێمی هێماکان لەسەر بنچینەی کۆمەڵایەتی بنیات دەنێت)[22]، رەنگدانەوەی کۆمەڵە و هێزێك جێبەجێ دەکات بۆیە بە ئاگاییەوە ئامارەی بۆ دەکات (چاکە کوڕم ئاگات لە خۆبێ سەرە رۆیی نەکەیت) سەگوەڕ ل١٥، ئەم بیرکردنەوەیە پەیوەندی ئەندامانی سەگوەڕ دەرئەخات، کە سەرچاوەکەشی کۆمەڵ و سەردەمەکەیەتی و لەسەر تاکەکان پێکهاتووە، نووسەر دەیەوێت هێمای جوانی و راستیەکان دەرخا و تەکنیکێکی هێما خوازی داوەتە فۆرمی وشەکان، ئەوەشمان دێنێتەوە یاد کە زۆرتر لەژێر سایەی ئەو سیستەمە باوکسالاریەدا بە فەنا چوون و ئامارەیە بە واقیعە تۆتالیتاریزمەی لە بازنەی ئایدۆلۆژیەتی مرۆڤەکانی سەگوەڕ، بۆیەش ئەڵێ (وەك پیاوکوژی رەسەن رەفتار بکەین) سەگوەڕ ل٤٣، ئەم خەسڵەتەیە کۆنترۆڵی عەقڵ و دەروونی گرتوون و بووە بەشێك لە بارودۆخی مێژوویی بۆ مرۆڤەکان. کە دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی چەقبەستوو.

بۆیە ئەبیٚ بەتام و چێژێکی سەردەمەوە بڕوانینە ڕۆمانەکەو بە فیکرێکی فەلسەفیەوە خۆی ئاراستەی ڕۆمانەکە بکات، تێڕوانینەکانی نووسەر تێڕوانینێکی پۆست مۆدیرنەیە و ویست و ئارەزووەکانی تایبەتە بە کەسێکی سەرکەشی ئازادییە، هێزو ئەندێشە و مۆتیڤەکانی لەسەر بۆچوونەکانی پۆست مۆدیرنیتە بنیاتناوە، لە کێشەی تاك و زۆرجاریش لە روانگەی گەردوون دەدوێت، بەگومانەوە سەیری کەسایەتیەکان و کێشەکانیان دەکات پێویستی بەجیاوازبوون و ڕێژەیی هەیەو دوور بێت لەو یەقینەی سیستەمی جیهانی مودێرنەی لەسەر بنیاتنراوە (سووکە ئومێدێکی کز، گوڕی پیٚبەخشیت و هەڵسایتە سەرپیٚ، دەنگی سەگوەڕەکە لە کز بووندا بوو ........!) سەگوەڕ ل٣٠، گەشبینە بەرامبەر بە پرۆسەو لەلایەکی تریشەوە ئاماژەیەکە بۆ (هەردوو جیهانی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا) کە کاری چارەنووسساز تیا گەشەدەکات، کۆمەڵی کوردیش گوڕی خەبات ئەداتە خۆی و بەهێزی جیاوازبوون و راستی فرە لایەن و دژ بە کەلچەری سەرکوتکەرانەی مودێرینیزم هەنگاو دەنێت، بەلاّم تا ئێستا لە چوارچێوەی ئەلْقەی سیستەمەکەدا خول دەخوات (کێلە قەبرێکی بەرزت پیکاوە) سەگوەڕ ل ٣٠، پێویست بەوە دەکات کەسیستەمی سەگوەڕ بوار بە ئەوانیتر بدات و لایەنەکانی تر نویٚ بکاتەوە چونکە لەم سیستەمەدا جۆرە لێکچوونێك بەدی دەکرێت لەگەڵ لایەنە سلبیەکەی ڕۆژئاوادایە (وا خۆت دەبینیـن کە ئێستا لە کوێدایت) سەگوەڕ ل٦٤، بووە بە بەربەست لەبەردەم گۆرانکاری و فرە دەنگی، کە لە جەستەی کوردیدا خۆی دەدۆزێتەوە و دەربڕی دووبارە بوونەوەی خودی هەمان جەستەیە، نووسەر دژی کۆنترۆلکردنەو دژی ئایدۆلۆژیای زاڵی سەرکوتکەرانەو باوەڕبوون بەیەك راستی ڕەها، کەبە فیکری ئەو لە ئەنجامی هەڵبژاردندا، جیاوازیی و هێزەکان بخرێتە گەڕ و گروپەکان بەچالاکبوون بکرێن واتە ڕەخنە لە پەیوەندی دەسەلاّت بە مانا (فۆکۆ) یەکەی (لێدان لە چەقی دەسەلاّت و هێنانە خوارەوەی ئەو چەقە بۆ هەرێم Local)[٢٣]،

## ئـــە نجـــــام

توێژینەوەکەمان بە ناوی (تێرامانێك لەسەر ڕۆمانی سەگوەڕ) لەڕووی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەوە بە ئاراستەیەکدا تێپەڕیوە، کە رووخێنەری سەرلەبەری بنەما کۆن و چەقبەستووەکانی ڕۆمانی کۆنی کوردییە، کە ماوەیەکە ڕۆمانی کوردی پێوەی ئەنالێنیٚ و بۆتە پارێزەری جەوهەری کۆن و پیرۆزیی ئایدیاکان و کێشەی ئایدۆلۆژیەکان، بۆیە پێویستە:

١- بەعەقلاّنیەتی سەردەم بخوێندرێتەوە و نهێنی و دەلالەتەکانی مرۆڤایەتی و گەردوونی ئاشکرا بکرێت، چونکە خودی ڕۆمانەکە لە بۆچوونەکانی سەردەم و لەگەڵ سەرهەڵدانی چەرخی مۆدێرنێتەدا هاوکاتە، ئامادەبوونێکی تەواوی ڕەهەندە فیکری و فەلسەفیەکانی پەیڕەو کردووە، نووسەریش دیدێکی بالاّی بۆ ژیان و مرۆڤ و بوون هەیە.

٢- توانستی ناوەکی نووسەر لەوەدایە، کە خۆی لە سیتەمی ڕەهای کۆمەڵگای کوردیی ئایدۆلۆژی و سیستەمی تۆتالیتاری دەربازکردووە، ڕەوتی بەکارابوونی مرۆڤی کوردی بەرهەمهێناوە، ململانێیەتی لەگەڵ میتافیزیکدا.

٣- زەمەن و ڕووداوەکان، ئەو زەمەنەیە کە لەدەرەوەی دیدی زەمەنی ڕۆمانەکەدا پێکدێت، لەگەڵ مێژووی واقیعی ڕۆماندا یان لەگەڵ ژیانی (من)ی کۆمەڵایەتیدا یەکدگیرنابێت، چونکە زۆر جار ڕووداوەکان بەپێی باری دەروونی گێڕەوەن، زەمەنیش ناچێتە ژێر چوارچێوەی زەمەنی کۆنەوە و ڕووداوەکان بەشێوەیەکی کتوپڕ دەرئەکەون و لەگەڵ واقیعدا هاوکێشە نین زیاتریش زەمەنی (ئێستا) بەکاردێت و پەیوەندی بەزنجیرەی زەمەنەوە نامێنێت.

٤- "گێڕەوە و کارەکتەر" ، گێڕەوە باڵادەست نییە و زانیاریمان ناداتێ لەسەر کارەکتەرەکان، چونکە کارەکتەرێك نییە ببێتە تەوەر و ئەوانی تریش بەدەوریدا بسوڕێنەوە و لەشێوەی بوون و نەبووندا بەدی بکرێن، گێڕانەوەش لەشێوە کۆنەکەی چۆتە دەرەوە و یەکگرتوویی لەخۆ نەگرتووە بۆ پیشاندانی ڕووداوەکان.

٥- ڕۆمانەکە بەگشتی لەزۆر شوێن و زەمەندا دۆخێکی پشێوی پێکهێناوە و گریمانەکان چوونە شوێن ڕاستی و دڵنیایی بوون و زەمەنیش جێگای پرسیار و گومانە و ڕەگەزی چارەسەرکردنیشە.

---

[1] جيرمي هوثرون، مدخل لدراسة الرواية، ترجمة: غازي درويش عطية، مراجعة: د. سلمان داود الواسطي، دار الشؤون الثقافة العامة بغداد/ ١٩٩٦، ل ٧٩.

[2] جارلز بريسلير، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و. لە ئینگلیزیەوە: عبدالخاق یعقوبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠٠٢ ل١٢٥.

[3] نهاد التكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الثاني، دار الحرية الطباعة/ بغداد ل١١١.

[4] اوستن وارين، ريتية ويليك، نظرية الادب، ترجمة: حيالدين صبحي، مطبعة خالد الطرابيشي ل٢٧٩.

[5] د. علي ابراهيم، الزمان و المكان، دراسة نظرية تطبيقية، الاهالي للطباعة و النشر/ سورية، الطبعة الاولى ل١٠٤.

[6] و. محمەد کەریم و. حسین یابندە، تیۆری ڕۆمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٣ ل١٨٣-١٨٤.

[7] نهاد التكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الثاني، دار الحرية للطباعة/ بغداد ل٧١.

[8] بيتر بروكر، الحداثة و مابعد الحداثة، ترجمة: د. عبدالوهاب علوب، مراجعة: د. جابر عصفور، المجمع الثقافي، ابو طبي- الامارات العربية المتحدة، الطبعة الاولى ١٩٩٥ ل٣٧٨.

[9] د. على ابراهيم، الزمان و المكان، دراسة نظرية تطبيقية، الاهالي للطباعة و النشر/ سورية، الطبعة الاولى ل٨٨.

[10] هەمان سەرچاوە ل١٠١.

[11] ئومبیرتو ئیکۆ- پەراوێزێك لەسەر ناوی گوڵ- و. حەسەن یاسین- گۆڤاری سەدەم ژمارە ٢١حزیران ٢٠٠٢ ل٨٧.

[12] ليونارد جاكسون، بؤس البنيوية، الادب والنظرية البنيوية، ترجمة ثائر ديب، دمشق ٢٠٠١ ل٢١.

[13] عدنان خالد عبدالله (د) النقد التطبيقي التحليلي، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ل٦٥.

[14] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

[15] نهاد التكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الثاني، دار الحرية للطباعة، بغداد ل١٦٢.

[16] فاروق رفيق، پۆست مۆدێریزم، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ١/ ١٩٦٦ ل١٨٨.

[17] زكريا ابراهيم (د)، كانت او الفلسفة النقدية، دار مصر للطباعة، الطبعة الثانية، ١٩٧٧ ل١١٨

[18] بەختیار سەجادی، سوژەی کوردی جەشنەکانی باوک، گۆڤاری دەق ژمارە ٢ پایزی ١٣٨٠، ل١٥٩.

[19] محمد شوقي الزين، تأويلات وتفكيكيات، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء- المغرب الطبعة الاولى ٢٠٠٢ ل١٨٩.

[20] سيزا قاسم، القاريء و النص، العلاقة و الدلالة، الشركة الدولية للطباعة، ٢٠٠٢ ل١٧٧.

[21] مايكل باين، قراءة المعرفة، ترجمة دانا سردار، مطبعة بينايى ٢٠٠١ ل٦٨.

[22] رامان سيلدن- النظرية الادبية المعاصرة/ ترجمة سعيد الغانمي، دار الفارس للنشر و التوزيع بيروت، الطبعة الاولى ١٩٦٦ ل٣١.

[23] فاروق رفيق- پۆست مۆدێرنیزم، گۆڤاری رەهەند ژمارە ١٠/ ١٩٩٦ ل١٩١.

## نتائج البحث:

يحمل البحث عنوان (نظرة في رواية النباح) التي هدمت كل الأطر و الضوابط الكلاسيكية للرواية الكردية التي تعاني من سمات الحداثة، حيث تحمي جوهر الأفكار المثالية و قدسية الأيدلوجيات فلذا ينبغي أن نقول:

١- ان الرواية كتبت بعقلية معاصرة و تكشف من خلالها الأسرار و الدلالات الإنسانية و الكونية، لان هذه الرواية متفاعلة مع أفكار العصر و تألق الحداثة، ولها حضور تام مع الأبعاد الفكرية و الفلسفية و للروائي رؤياه المثلى إزاء الحياة و الإنسان.

٢- تتجلى قدرة الكاتب في تخلصه من الإيديولوجيا السائد و النزعة التوتاليتارية في المجتمع الكردي ضمن الدور الفاعل للإنسان الكردي في صراعه مع الميتافيزيقيا.

٣- إن الأحداث و الزمن في الرواية تتجلى خارج رؤيا مكونات زمن الرواية مع التاريخ الواقعي لها، أي أن حياة (أنا) الاجتماعية لا تتصل بها، لان الأحداث ضمن الواقع النفسي سردية، لكن الزمن لا يقع ضمن أطره التقليدية، وتبدو أحداثها بصورة مفاجئة ولا تتوازن مع الواقع أما الزمن من الحاضر المعمول به فتنقطع أواصره بالامتداد التراتبي للزمن.

٤- الراوي و الممثل:

الراوي لا يزودنا بالمعلومات حول الشخصيات لا نه لا يوجد في الرواية البطل المحوري الذي تدور حوله الشخصيات الأخرى في إطار الوجود و العدم أما السرد فخرج عن إطاره التقليدي في عرض الأحداث.

٥- تؤلف الرواية في إطارها الزماني و المكاني حالات مضطربة حيث حلت الفرضيات محل الحقيقة و الاطمئنان، لكن الزمن يظل موضع الشك و التساؤل و عنصر الحل.

## Conclusion

*Our study, entitled "contemplating the novel "dog barking" has taken a direction, in terms of reading and evaluation that breaks up all the traditional and dogmatic principles from which kurdish Novel has been suffering. Since the kurdish Novel has turned into a maintainer of traditional essence, ideal sanctification and ideological conflicts, therefore.*

*1- It should be read with humanistic contemporary mentality, its secrets and universal implication as the novel itself comes simultaneous with the rise of modernity. It also represents a complete presence of the intellectual and philosophical dimensions which are in line with the writer's ideal conception of life, humanity and existence.*

*2- The writer's internal potential consists in the fact that he has got rid of the absolute ideological and totalitarian system prevalent in the kurdish society. He has produced a free flow of a reactivation process of the kurdish individual who is in conflict with the metaphysics.*

*3- Time and events, time shapes up outside the time of the novel which is not in line with the historical reality of a novel or the social life of (I). This is because events mostly take place in accordance with the narrator's psychological state. The time , however, is not subjected to traditional frameworks as the events make sudden appearances, they are not compatible with realities. The "present" tense is employed which is cut off from the time sequences.*

*4- characters & narrator: The narrator is not in control and doesn't provide us with information about the characters. This is because there is no pivotal character to become the center for the rest of the characters.*

*The narration, however, has gone out of the traditional form and is not unified in displaying the events.*

*5- The novel, in general, represents confusion in many times & places. Time is an object of question and an element of solution.*

## سەرچاوەکان

**١-کتێبەکان:**

**أ-عەرەبییەکان:**


- اوستن وارين، رينية ويليك، نظرية الأدب، ترجمة: محي‌الدين صبحي، مراجعة: د.حسام الخطيب، المجلس الأعلى لرعاية الفنون و الآداب و العلوم الاجتماعية، مطبعة خالد الطرابيشي، ١٩٧٢ م.
- بيتر بروكر، الحداثة و ما بعد الحداثة، ترجمة: د. عبدالوهاب علوب، مراجعة: د. جابر عصفور، المجمع الثقافي، أبو ظبي، الإمارات العربية المتحدة، الطبعة الأولى ١٩٩٥م.
- جيرمي هوثرون، مدخل الدراسة الرواية، ترجمة غازي درويش عطية، مراجعة: د. سلمان داود الوسطي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد
- رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة: سعيد الغاني، بيروت الطبعة الأولى ١٩٩٦ م.
- زكريا ابراهيم (د) كانت او الفلسفة النقدية، دار مصر للطباعة، الطبعة الثانية- ١٩٧٧م.
- سيزا قاسم، القاريء و النص، العلامة و الدلالة، الشركة الدولية للطباعة، ٢٠٠٠م.

- علي إبراهيم (د) الزمان و المكان، دراسة نظرية تطبيقية، الأهالي للطباعة و النشر، سورية، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢م.
- عدنان خالد (د) النقد التطبيقي التحليلي، وزارة الثقافة و الإعلام، بغداد.
- ليونار جاكسون، بؤس البنيوية، الأدب و النظرية البنيوية، ترجمة: ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق ٢٠٠١، ل٢١.
- محمد شوقي الزين، تأويلات و تفكيكات، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء المغرب، الطبعة الأولى ٢٠٠٢م.
- ما يصل باين، قراءة معرفة، ترجمة: دانا سردار، مطبعة بينايى، هەولێر، ٢٠٠١م.
- نهاد التكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الثاني، دار الحرية للطباعة، بغداد.

**ب- کتێبە کوردیەکان:**

- چارلز برێسلێر، رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و: عبدالخالق یعقوبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠٠٢ز.
- و. محەمەد کەریم، و. حسین پایندە، تێری ڕۆمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٣ز.

**ج- گۆڤارەکان:**

- ئۆبیرتۆ ئیکۆ، پەراوێزێك لەسەر ناوی گوڵ، و. حەسەن یاسین، گۆڤاری سەردەم ٢١حزیران ٢٠٠٢ز.
- بەختیار سەجادی، سووژەی کوردی و چەشنەکانی باوك، گۆڤاری دەق ژمارە (٢) پایزی ١٣٨٠.
- فاروق رفیق، پۆست مۆدێرنیزم، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ١٩٩٦/١ز.